# زمان و ژینگە – فۆکۆ و گۆران

شەهرام ڕەسووڵ

بێ گومان گۆران یەکێکە لە هەرە شاعیرە دیار و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەمی ئێمە. ناوی گۆران زیاتر لە هەرشتێکی تر لە ناو ئەدەبیاتی ئێمەدا دەدرەوشێتەوە و وێنا شعرییەکانی ئەو بۆ سروشت، ناوبانگێکی زۆریان هەس و ئەمەش خاڵی سەرنج ڕاکێش بوو بۆ ئێمە. ئایا گۆران کە بە نزیکەیی لەگەڵ فۆکۆ هاوچەرخ و هاوسەردەم ژیاون، چۆن لە ژینگە و ئەو سروشتە دوواوە؟

یەکێک لە پرسیارە گرنگ و زۆر دیارەکانی سەدەی بیست، پرسیاری زمان بووە، لە ناویشیاندا پرسیار دەربارەی چیەتیی زمان و، چۆنیەتیی دروستبوونی زمان یەکێک بووە لە پرسیارە پڕ لە کیشەکان، کە بووە بە مایەی گفتوگۆی زۆرێک لە بیریاران و فەیلەسوفانی ئەو سەدەیە و سەدەی دواتریش.

فۆکۆ کە ناوێکی دیاری ناو دونیای فیکری خۆرئاوایە و لەم دوایانەشدا لە ناو دونیای ئێمە دەنگ و ڕەنگی دەرکەوتووە و گرنگییەکی زۆری پێ دراوە و بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی ئێمە بە پەرۆشییەکی زۆرەوە وەردەگێڕدرێن، یەکێکە لەو بیریارانەی زۆر بە وردی لەسەر زمان وەستاوە و کاری لەسەر کردووە؛ بەجۆرێک کە کە کتێبی «وشەکان و شتەکان»ی بە یەکێک لە هەرە کتێبە دژوارەکانی فۆکۆ دادەندرێت کە وەڵامی ئەو بۆ ڕیشەی زمان و پەیوەندیی زمان و دەسەڵات و زمان و مرۆڤ و زمان و ژینگە لەو کتێبەدا بەجۆرێکە کە لە دوای خۆیەوە تا ئێستا ئەو مقۆمقۆیانە نەبڕاونتەوە کە ئەم هێناونییە ناو کایەی زمانەوە!

بۆ فۆکۆ زمان لە سەرەتاوە هیچ نییە جگە لە هێما و پیت و دەنگ و ڕستەکانی سروشت. ژینگە جا هەر ژینگەیەک بێت، خاوەنی دەسەڵات و زمانی خۆیەتی و ئەوە سروشتە لە ڕێگای هێماکانی خۆیەوە، مەعریفەیەک لە ئەندێشە و لە بیری ئێمەدا دەچەسپێنێت کە دواتر لە شێوەی زمان و قسەکردندا خۆی دەبینێتەوە. تەنانەت وشە و پیت و نوسینیش ڕەگ و ڕیشەکەی هەر وا لە ناو سروشت و ژینگەوەیە، زمانیش لەسەر بنەمای لێکچون و دواتریش جیاوازی، مەعریفەی خۆی دروست دەکات. هەڵبەت چ لێکچوون و چ جیاوازییش هەر وان لە ناو ژینگەدا، مرۆڤ کاتێ ویستوویەتی بڵێ ئاو لە هەمانکاتدا ویستویەتی بڵی دار نا، بەرد نا. کاتێ ویستویەتی بلێت مار ویستویەتی نەڵێت دار، کاتێ ویستویەتی ئاماژە بە زەیتوون بکات، شێوەی چاوی دروست کردووە، کاتێ ویستویەتی ئاماژە بە کەللە سەر بکات، بە مێشک بکات، ئاماژەی بە گوێز کردوە، بە کورتی بە لای فۆکۆوە زمان لەسەر بنەمای لێکچوون و جیاوازیی ناو ژینگە و سروشتەوە دروست بووە و دواتر بە چەند قۆناغێکی تردا دەگوزەرێت؛ لەوانە دووبارە بونیاد نانەوەی سروشت و دەستکاری کردنەوەی سروشت هەر لە ڕێگای خودی زمانەوە.

تا ئێرە بەشێک یان پوختەیەک بوو لە دیدی فۆکۆ دەربارەی زمان و ژینگە بە گشتی، بەڵام با بزانین داخۆ لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا چۆن ئاوڕ لەو بابەتە دراوەتەوە، ئایا ژینگەی کوردستان تەنها نیشانەی دەسەڵاتی خودایەکە و بەس؟ ئایا ئەم ژینگەیە تەنها جوانە و ئێمە دەبێت پێیدا هەڵبلێین؟ بۆی بجەنگین؟ خوێنی بۆ بڕێژین؟ ئایا ئەو شتێکە و ئێمەش شتێکیتر؟ لە نێوان ئێمە و ئەو ژینگەیەدا چیتر هەیە؟

بێ گومان گۆران یەکێکە لە هەرە شاعیرە دیار و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەمی ئێمە. ناوی گۆران زیاتر لە هەرشتێکی تر لە ناو ئەدەبیاتی ئێمەدا دەدرەوشێتەوە و وێنا شعرییەکانی ئەو بۆ سروشت، ناوبانگێکی زۆریان هەس و ئەمەش خاڵی سەرنج ڕاکێش بوو بۆ ئێمە. ئایا گۆران کە بە نزیکەیی لەگەڵ فۆکۆ هاوچەرخ و هاوسەردەم ژیاون، چۆن لە ژینگە و ئەو سروشتە دوواوە؟

گۆران لە شیعری کوردستاندا، کە تایبەتە بە ژینگە و سروشتی کوردستان، وێنایەک لە زمان دەخاتە ڕوو کە وێنەی لە لای شاعیرانی تر نابینرێ. گۆران لەوە ورد دەبێتەوە کە شاخ و گرد و چیاکانی کوردستان، تەنها شتانێک نین لەوێ، لەو سەرەوە، بە پیچەوانەوە ئەوان ئەوەتان لە ناو وشە و زمانی ئێمەدا؛ ئەوەتا ئەوەی ئێمە پێی دەدوێین و قسەی پێ دەکەین، شتانێکن لە ڕەگەزی ژینگەکەمان، هەر وەک فۆکۆ چۆن لەو باوەڕەدا بو کە ئەوەی ئێمە دروست دەکات و پەروەردەمان

دەکات ژینگەیـــە و ئێمە بەرهەمی پەروەردەی ژینگەیـــن؛ هـــەم لاشـــە و شـــکڵ و بونیادی جەســـتەییمان هـــەم بیرکردنـــەوە و باوەڕ و زەمانمان. «کوردســـتان: جێگەمی، جێی هەزار ســـاڵەم،...پەروەردەی ئەم دۆڵ و ســـەرلووتکە و یاڵـــەم!» لەم دێڕە و دێڕەکانی دواتریشـــیدا، گۆران بـــە وردی باس لەوە دەکات کە ئەوەی ئێمەی پەروەردە کردووە، بۆ ئێمە ســـەرچاوە بووە دۆڵ و یاڵ و لووتکەکان بوون. واتە ژینگە و سروشت بووە نەک سەرچاوەیەکی دەرەکی و مەعریفەیەکی تر هی شوێنێکی تر. پەیوەندیی نێوان تاکی کورد و خاکەکەشـــی هی هەزاران ســـاڵ بووە و ئەم هەزاران ساڵەش کاریگەریی چەند لایانەی هەیە. کە نەک هەر لە پەروەردە کردن تەنانەت لە هاوجووت بوونی یەکتریش، کە دواتر ئەو هاوجـــووت بونەی نێوان تاک و مرۆڤی کورد لەگەڵ ژینگەکەی دەخەینەڕوو.

گۆران لە چەند دێڕی دواتری شـــیعری کوردســـتان، بێ هیچ پەردەیەک دێت دیدی خـــۆی لەمەڕ زەمـــان و ژینگـــە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: «زەمانم پشکوتووی قسەی جوانتە، ... قســـەی ناو گۆرانیی شاخەکانتە». بێ هیچ زۆر لەخۆکردنێک، بێ هێـــچ زیادەڕەوییەک، ئەمە ڕێک ئـــەو بۆچوونەیە کـــە قوتابخانەکانی دی سۆســـیر و پاشبونیادگەراکان و فۆکۆ، بە ورد و درشتی لەسەری وەستاون و قسەیان لەبارەوە کردووە. بەڵام گـــۆران بە دێڕێکی چڕ و پڕ لە مانا، دیدی خۆی خستووەتە ڕوو. بیرکردنەوەی گـــۆران لـــە وەهـــا بابەتێک، ســـەرچاوەکەی هەرچییـــەک بێت ئـــەوە ناشـــارێتەوە کە لە لای گۆران، ژینگە و سروشـــتی کوردســـتان، ڕەهەندێکـــی قووڵتـــری لەوە هەیـــە کە تەنها هەر شـــوێنێک بێت و بەس، شـــوێنێک بێت بۆ کـــورد و بەس، شـــوێنێک بێـــت لەوێ و ئەمیش لـــەولا. درکی گۆران بـــە کاریگەریی ئەم ژینگەیە لەســـەر زمانی ئێمە، هەر بەتەنیا کاریگەری نییە، بەڵکـــوو زمانی ئێمە و زمانی گۆران ڕاستەوخۆ لێکچووی زمانی شاخ و قسە و گۆرانیی ژینگەی کوردســـتان خۆیەتی. ئەو شاخ و ڕوبار و گژوگیا و دۆڵ و دەشت و یاڵە، لەسەر زمان و گۆرانی و قسەی ئێمە دانیشتون و قســـەی ئێمەی پێ پشکوتووە. تەنانە زمانی گۆران هەمـــان زمانی ئاگردان و هەمان زمانی منداڵێکە کە جگە لە گرڕوگاڵ و نوزەنوز بەولاوە، هیچی تری پـــێ نییە بۆ وتن. ئاگران جگە لە بڵێســـە و قرچە قرچی چیلکەکان هیچی تری پێ نییە؛ گۆرانیش کە خۆی ئاســـتی زمانی لە ئاســـتێکی بالاتر لەماندایە، بەڵام هێشتا گۆران دەڵێت کە نەخێر ئێمە لە شـــتێکا هاوبەشین ئەمیش زمانـــە، زمانی مـــن و منداڵێک، هی مـــن و شـــاخێک، هی مـــن و هـــی ئاگردان ئەمانە هەمووی یەک شـــتە و بوونمان تێکەڵی یەکترییە و ئێمە لەناو یەکتریداین؛ سروشـــت وەک خوێـــن لە دەمارەکانماندایـــە، «قوڵپی با خوێنـــی دەمارەکانم، ... بە زەبری عەشـــقی تۆ ئەیـــدا، ئەزانم». کەوایە ئەو عەشـــقەی کە گۆران باســـی دەکات هەر ئەو عەشقە نییە کە شـــاعیرانی تر بۆ جوانیی ژینگکەی هەیانبووە. بە پێچەوانەوە هی گـــۆران جگە لە جوانی لە شـــوێنێکی ترەوە، لە کاریگەرییەکانی ژینگەوە ســـەرچاوەی گرتووە، لەو هێڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ناو گۆران وەک تاکێک و ژینگە وەک گشتییێک هەیە.

یەکێکـــی تر لە خاڵە سەرنجڕاکیشـــەکانی گـــۆران کە لەمەڕ سروشـــت و ژینگە هەیەتی، بریتییـــە لە هاوجووتیی نێـــوان تاک و ژینگە. شـــکاندنی دیـــواری ســـووژە-ئۆبژەیە لە نیوان ئەم دووە و وەک خۆ تەماشـــاکردنی ژینگەیە. ئەمـــە جگە لە ڕەهەندە عیرفانییەکانی ئەوســـا و زانســـتییەکانی ئێســـتای، ڕەهەندێکـــی فیکریتریشـــی هەیـــە، ئەویـــش ڕەهەنـــدی شیعرییەتی و ناعەقڵانییە: زمان و خوێندنەوەی هەســـت لە ڕێگای زمانی ژینگـــە خۆیەوە. بۆ گۆران هەمیشـــە سروشـــت لە ڕێگای هێما و نیشـــانە و پیت و ڕەنگەکانـــی خۆیەوە زمانێک پێکدەهێنێتک کە زمانێکی شیعری و زمانێکی

هەستییە و هەڵگری هەمان سێنسە زاتییەکانە. ژینگە جگە لە زمانی زانست کە زمانی یاسا و هۆکار و دیاردەکانی سروشتن، زمانێکی تریشی هەیە؛ جگە لە زمانی خودایی و جوانی خودایی و تەجەللای مەزنی خودایەک، زمانێکی تری هەیە؛ ئەویش زمانێک کە نوێنەرایەتیی سووژەیەکی ئازاد و نیگەران دەکات. هەڵبەت ئەگەر سارتەرانە تەماشای نیگەرانی و دۆخەکانی بکەین، لەوە تێدەگەین کە ئەوانەی نیگەران دەبن ئەوانەن کە بوونێکی ڕەسەن و بوونێکی ئازادیان هەیە، بەڵام با بزانین لە لای گۆران چۆن سروشت وەک ژینگەیەکی نیگەران، وەک ژینگەیەکی ئازاد، هاوشێوەی سووژەی مرۆڤ بە نیگەرانییەوە خۆی دەنوێنێ؟

هەڵبەت گۆران لە ڕێگای بە هێما کردنی ڕەنگ و جووڵەی سروشتەوە، زمانێک دەدات بە سروشت کە لە ڕێگای ئەم زمانەوە سروشت هەم خۆی بەیان دەکات و هەمیش لەم ئاڵوگۆڕکردنەی هێماکانەوە کاریگەری لەسەر زمانی ئێمە داناوە. لە یەکێک لە ناوداردترین شیعرەکانی سەدەی بیستی کوردی شیعری پاییزی گۆرانە. گۆران لەم شیعرەدا دووبارە بەربەستی نێوان ژینگە وەک شتێک لەوێ و خودی مرۆڤ وەک شتێکی تر دەشکێنێت. ئەم کارە هەم لە ڕێگای لێکچواندنی شێوەی سروشت بە شێوەی مرۆڤ دەکات، هەمیش لە ڕێگای پێدانی سێنس بە ژینگەکە. پاییز هەم قژی زەردە و شان و ملی ڕووتە، هەمیش ماتە و زیزە، داد و بێدادیەتی، ئەمانەش ژینگە خۆی لە ڕێگای زمانی خۆیەوە باسیان دەکات؛ لە ڕێگای بای سارد و هەوری گریاناوی و فڕینی پۆلی باڵدارەکانی خۆیەوە بەیانیان دەکات. کەوایە نیگەرانی و ترس، ماتی و زیزی، هی سووژەیەکی ئازادن نەک بەتەنها هی ئۆبژەیەک و بەس. هەموو ئەمانە دیدی گۆرانن بۆ سروشت و ژینگە کە هەڵبەت ئەم باوەڕەی گۆران بۆ سووژەی ژینگە هەر وا بێ کاریگەر نەماوەتەوە و گۆران بەرەو شوێنێک دەبەن کە پێشتر کەسی تر هەنگاوی بۆ نەناوە، ئەویش تازەکردنەوەی شیعری کوردی و کارکردن لەسەر ئەو کێشە شیعرییانەی کە هی کورد و سروشتی کوردی خۆینی. ئەگەر زمانمان هی شاخ و داخەکانمان بێت، ئەگەر دار و نەمام و درەخت و دەوەن و هەور و گەڵاکانمان وەک ئێمە بن و زمان و ڕەنگ و هێماکانیان لە هی شوێنێکی تر نەچن و لە شوێن و ژینگەیەکی ترەوە وەرنەگیرابێتن، بۆچی ئێمە بە کێشی عەرەبی شیعر بنووسین؟ بۆچی بە وشەی فارسی و تورکی دەفتەرەکانمان ڕەش بکەینەوە؟ هەڵبەت ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە گۆران ناچار دەکەن شۆڕشێک لە ئەدەبیاتی کوردی و لە شیعری کوردیدا بکات. شۆڕشێک هەم لە ڕووکاری شیعری و هەمیش لە ناوەڕۆکی شیعریدا بکات کە ئێرە شوێنی باسی ئەو گۆڕانکارییانە نییە.

ماوەتەوە بڵێین ئاخۆ گۆران ئاگاداری فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە گشتی و فەلسەفەی ئەڵمانی و فەرەنسی بەتایبەتی بووە؟ ئاگاداری فەیلەسووفانی قوتابخانەکانی وەک بوونیادگەرایی و پاشبونیادگەرایی و بوونگەرایی بووە کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە یاخود نا، ئەمە تەنها زادەی بیر و تێگەیشتنی خۆی بووە بۆ زمان و مرۆڤ و سروشت و ژینگەی کوردستان؟ هەڵبەت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بە ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەکی درێژ و چڕ هەیە؛ هەم بۆ فەلسەفەی سەدەی بیستی ڕۆژئاوا هەم بۆ ژیان و کارەکانی گۆران خۆی. بەڵام دەرئەنجامەکە هەرکامێکیان بێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە گۆران چ لە وتار و کارەکانی تریدا بێت، چ لە شیعر و وێنا شیعرییەکانیدا بێت، خاوەنی دیدێکی قووڵ بووە بۆ کاریگەرییەکانی ژینگە لەسەر زمان و بیری ئێمە و ئەمەش وەک ئەوەی کە ڕوون کرایەوە، هەم لە شیعر و زمانی شیعری و وێنا شیعرییەکانیەوە و هەمیش لە گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دەردەکەوێت.